## بێکاری:

یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی هێزی کار بریتییە لە بێکاری. ئەوەی کە گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کە ڕێژەی بێکارەکان و ڕێژەی بێکاری دوو شتی لەیەکتر جیاوازن و ناکرێت وەکو یەك دابندرێن. بێگومان ڕێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا زیاترە لە پیاوان و هەروەها بە پێی بارودۆخی ئێستای ئێمە، ئەم ڕێژەیە لە شوێنە شارنشینەکان کەمترە لە شوێنە گوندنشینەکان.

لە نێو کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتردا ڕێژەی گشتیی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 6.0٪ و بە پێی پارێزگاش ڕێژەکە بەم شێوەیە: هەولێر 4.0٪، سلێمانی 7.4٪ و دهۆك 6.4٪ و هەروەها لە شوێنەکانی تری عێراقیش ڕێژەکە 8.6٪ ە.

ئەگەر لە سەر ئاستی هەرێم بە گشتی و بە پێی ڕەگەز باس لە ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتردا بکەین، کەمترین ڕێژەی بێکاری 4.6٪ ە بۆ ڕەگەزی نێر و هەروەها زۆرترینیش بریتییە لە 12.6٪ بۆ ڕەگەزی مێ. ئەگەر لەسەر ئاستی پارێزگا و بە پێی ڕەگەز باسی ڕێژەی بێکاری بکەین، کەمترینی بریتییە لە 2.7٪ کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر لە پارێزگای هەولێر و زۆرترینیشی بریتییە لە 16.9٪ بۆ ڕەگەزی مێ لە پارێزگای سلێمانی.

بە پێی دۆخی خوێندن، زۆرترین ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بەر کەسانی نەخوێندەوار یان ئەو کەسانەی تەنها خوێندن و نووسین دەزانن یان ئەوانەی تەنها بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە لە ڕەگەزی مێ دەکەوێت کە بریتییە لە 16.3٪ و هەروەها کەمترینیشی بەر ڕەگەزی نێر دەکەوێت بە 4.0٪.

زۆرترین ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی تەمەنی 10 ساڵان و سەرووتردا، دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتانی تەمەن 15-17 ساڵان (23.1٪) و کەمترین ڕێژەش پشکی گرووپی تەمەنی 18-29 ساڵانە لە ڕەگەزی نێر (6.6٪).

ئەگەر بێکارەکان بە پێی بڕوانامە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان پۆلین بکەین، بەرزترین ئاست بۆ ئەو کەسانەیە کە ئاستی بڕوانامەی ئامادەیی یان کەمتریان هەیە لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، بەڵام لە پارێزگای دهۆك ئەم ڕێژەیە بۆ کەسانی نەخوێندەوار یان خوێندەواری بێ بڕوانامە دەگەڕێتەوە. چارتی خوارەوە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ئەم بابەتە.

دابەشبوونی بێکارەکان بە پێی ئاستی خوێندن (٪)



## چالاكیی ئابووری:

زۆرترین ڕێژەی چالاكیی ئابووری بۆ كەسانی 15 ساڵان و سەرووتر بریتییە لە 92.1٪ كە تایبەتە بە گروپی تەمەنی 35-44 ساڵ لە هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگە و سەرووتر و هەروەها كەمترین ژمارە 19.4٪ە كە تایبەتە بە گروپی تەمەنی 15-24 لە نێو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و كەمتر.

ڕێژەی كەسانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا جیاوازییەكی یەكجار زۆری هەیە كە ئەویش چەند هۆكارێكی تایبەت بە خۆی دەبێت و گرنگترینیان ئەوەیە كە زۆربەی ئافرەتان بۆ كاری ناوماڵ تەرخان كراون و نیازی كاركردنیان نییە لە دەرەوەی ماڵ. هەروەها ڕێژەی ئەو ئافرەتانەش كە بەدوای كاردا دەگەڕێن كەمە تەنانەت ئەگەر كاری ناوماڵیش نەكەن. ئەم دوو هۆكارە دەبنە هۆی دابەزینی ڕێژەی كەسانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە لە نێو ڕەگەزی مێیینە دا كە بریتییە لە 14.0٪ و لە ڕەگەزی نێرینەش ئەم ڕێژەیە 67.3٪ ە و هەروەك ئاماژەمان پێكرد جیاوازیی نێوانیان یەكجار زۆرە. چارتی خوارەوە ڕێژەی چالاكیی ئابووری بە پێی پارێزگا و ڕەگەز بۆ كەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر زیاتر ڕوون دەكاتەوە.

ڕێژەی چالاكیی ئابووری بە پێی ڕەگەز لەسەر ئاستی پارێزگا (٪)




هەروەك لە وێنەكەدا دیارە، دۆخی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی زۆر وەكو یەك دەردەكەوێت، بەڵام لە پارێزگای دهۆك تا ڕادەیەك جیاوازی لەگەڵ پارێزگاكانی تردا دەبینرێت.

بە پێی ئەنجامەكانی ڕووپێوەكە زیاتر لە نیوەی كەسانی كاركەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی كوردستان لە كەرتی حكومی دا كاردەكەن كە بێگومان ئەمە ڕێژەیەكی نائاسایی و یەكجار بەرزە و یەكێكە لە نیشانەكانی بوونی بێكاریی ڕازیكەر (البطالة المقنعة) لە نێو خەڵكی هەرێمدا. وێنەی خوارەوە ئەم بابەتە بە پێی ڕەگەز و هەروەها بە بەراورد لەگەڵ شوێنەكانی تری عێراق پیشان دەدات.

دابەشبوونی کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی تی کار و رەگەز (%)




Kurdistan Region Statistics Office
KRSO